**ئەنجومەنی دادوەری**
**ژمارە: ٣٨٦ لە ٢٠٢٢/٦/٢٢**

**بڕیاری ساڵی ٢٠٢٢**

ئاماژە بە بەیانی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ژمارە (٤) ی ساڵی (٢٠٢٢) بە نووسراویان ژمارە (٢٩١٧ لە ٢٠٢٢/٢/٢) کە تایبەتە بە گۆڕینی ناحیەی سەڵاحەدین بۆ قەزای پیرمام بۆیە لەسەر ئەم بنەمایە ئەنجومەنی دادوەری بە کۆی دەنگ بڕیاردرا بە:

- گۆڕینی ناوی دادگای (بەرایی سەڵاحەدین) بۆ(دادگای بەرایی پیرمام) .

-ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە

**دادوەر**
**عبدالجبار عزیز حسن**
**سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری**

---

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**بەیانی ژمارە(١٥)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگەی (٢) لە یاسایی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە(١٢) ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە:

١- هێنانەکایەی(استحداث) کردنی (بەرێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی گەرمیان) سەربە ئیدارەی سەربەخۆیی گەرمیان لەبەر بەرژەوەندی گشتی و زۆربونی کارو پرۆژەکان و کارئاسانی بۆ هاوڵاتیان و خزمەتکردنی زیاتر کرێکارانی ئەم سنوورە

٣- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێ لە ڕۆژی بڵاوبووەنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

---

**دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە**

**بەیانی ساڵی ٢٠٢٢**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (١٠)ی یاسای ژمارە(٣)ی ساڵی ٢٠١٠ی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە و ماددەی (٨)ی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٩ی یاسای بڵاوکردنەوە لە رۆژنامەی رەسمی (وەقایعی کوردستان) ئەم بەیانەمان دەرکرد :

ڕێنمایی ژمارە(١)ی ساڵی٢٠٢٢ تایبەت بە(چاودێری ژینگەیی بۆ پرۆژەکان) ماددەی (١) بڕگەی (٧) هەمواردەکرێتەوە بەم شێوەی خوارەوە :

٧.چالاکی : هەرجۆرە چالاکیەکی پیشەسازیی یان بازرگانی یان خزمەتگوزاری یان هەر چالاکیەکی دیکە کە کاریگەری نەرێنی بکاتە سەر ژینگە .

ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێ لە رۆژی بڵاوبونەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) .

**عبدالرحمن صدیق**
**سەرۆکی دەستە**